
شیعر



زانا خەلیل

# مەمکەکان

گوتم: برسیمە.
وڵامت نەبوو.
دەزانم بێ وڵامیش وڵامێکە.
بەڵام نەمزانی
لێوەکانتم دەدەیتێ
یا مەمکەکانت
یاخود نە لێوەکانت و نە مەمکەکانت.
گوتم: برسیمە... زۆر زۆریش برسی
وڵامت نەبوو.
بەڵام پێڵوەکانت داخست
یەعنی وەرە
لێوەکانم و مەمکەکانم بۆ خۆت ببە.

## ئینجیل

بە مۆبایل فەرمانم دا: با رووناکیی لە دایک بێ
رووناکیی لە نێو تاریکیی ئۆفیسێک لە دایک بوو.
رووناکییەکەم دیت زۆر جوان بوو
ئینجا بڕیارم دا
رووناکییەکە لە تاریکیی جیابکەمەوە.
تاریکیی و رووناکییەکەم لە یەکتر جیاکردەوە
دیتم رووناکییێکی رووناک
زۆر لە تاریکیی جوانترە.